عێراق..داوا دەکرێت گرێبەستی وانەبێژانی وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵی 2020 بکرێتە هەمیشەیی

جێگری یەکەمی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران موحسین مەندەلاوی، داوای کرد گرێبەستی وانەبێژانی وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵی 2020 بکرێتە هەمیشەیی.

ئەمە پێنجشەممە،ڕێنوسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری یەکەمی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: لە چوارچێوەی بەدواداچوونی شەخسی خۆی بۆ مافەکانی کەرتی پەروەردە بە دڵنیابوون لە جێبەجێکردنیان، جێگری یەکەمی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران موحسین مەندەلاوی، بە فەرمی داوای لە ئەنجوومەنی وەزیران کردووە گرێبەستی وانەبێژانی وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەمساڵ 2020 بکرێتە هەمیشەیی کە لە بەرامبەر ڕایتییەکانی بەغدا کاردەکەن، دوای ئەوەی زیاتر لە سێ ساڵ خزمەتی گرێبەستیان تەواو کردووە.

لە نامەکەدا، مەندەلاوی جەختیکردەوە: ئەم داواکاریانە لەگەڵ ڕاسپاردەکانی دانیشتنی تایبەتی ئەنجومەنی نوێنەران یەکدەگرێتەوە، و تێئکیدیشیکردەوە: لەسەر گرنگی پشتیوانیکردنی مامۆستایان و پەروەردەکاران و ڕاوێژکاران وەك پایەیەکی بنەڕەتی لە بنیاتنانی کۆمەڵگادا.